ئەوە کــــوردە.. ئەوە کــــوردە.. ئەوە کــــورد.. شیعــــری نەوزاد بەندی

—— ——

بە هەوڵ و کار و خەباتی هەموو لایەک ،
توانیمان حوکمەتی کار بەڕێکەر
بگۆڕین بە حوکمەتێکی کەربەڕێکەر ..

⋆ ⋆ ⋆

کاتێ مافی کوردێک ئەخۆی ،
خۆی شل ئەکا ،
لەبەر ئەوەی مافێکی تریشی بخۆی ..!

⋆ ⋆ ⋆

گوێی لێ بگریت ،
بە هیچ شتێ ڕازی نییە ..
گوێی بۆ ببڕیت ،
بە هەموو شتێ ڕازییە ..

⋆ ⋆ ⋆

بە هەوڵی دەسەڵاتی کورد و ..
بە بێ دەنگیی موچەخۆرانی لاتی کورد ،
کورد داهێنانێکی تری بۆ دەرهێنا
یان دەرهێنانێکی تری بۆ داهێنا :
مانگی 67 ڕۆژیی بوو .. تۆزێکی تریش شلی کەن ،
ئەیگەیەنینە 90 ڕۆژ ..
دڵنیام دوای نەوەد ڕۆژیش ، شلکردنتان هەر پێ ماوە ..
شلکردنتان بۆ دوای سەد ڕۆژیش داناوە ..!

⋆ ⋆ ⋆

کورد ،

تاکە بوونەوەرێکە
لە مێژووی عیلمی حەیوانا ،
دڵی پڕ پڕە لە برین ..
ژیانی پڕ پڕە لە وەڕین ..
حەوشەکەی پڕ پڕە لە دز ..
کۆیلە و بەشخوراو و سەرکز ،
کەچی هەر دەم ئەکاتەوە ،
ڕێک بە قاقا پێ ئەکەنێ ..
ئەمە پێکەنینە ڕۆڵە یان پێداکەندنە ، ڕۆڵە ؟
ئەمە بێ حەیاییە، ڕۆڵە ،
یان عەقڵ دۆڕانە ، ڕۆڵە؟
ئەم هەموو نوکتەیە
لەکوێوەیه ..
چۆن ئەبارێ ؟
ئەمە نوکتەیە یان چڵمە شۆڕ بۆتەوە ، هەموو جارێ؟
یان میزە بە ڕێی قاچاخا ،
لە سەرەوە دێتە خوارێ ؟

★ ★ ★

کاتێ بێگانەیەک
تۆپ و درۆن هەڵئەسێنێ
شار و دێی کورد ئەسوتێنێ ..
کورد لە پڕا ،
هەڵمەت بۆ بێگانە دێنێ ..
بۆ شەڕ نا ..
بۆ گەشت و گوزار ..
لە پایتەختی داگیرکەرەکەی ،
خەرج ئەکا ،
ساڵانە ملیاران دۆلار ..

★ ★ ★

کورد پاڵەوانە بۆ شەڕی ،
کورد فەوتاندن ..
تاکە مەرجی کورد لە شەڕا ،
ئەوەیە بەرامبەر کورد بێ ..!

★ ★ ★

کورد تەنها یەک کات گەرم ئەبێ و
دین و ئیمانی نامێنێ و
لە پڕ دەست ئەکا بە گریان ،
کە میکرۆفۆنی کەناڵێ ،
یەخەی ئەگرێ ..
تەنها ئەو کاتە، خەبەری ئەبێتەوە و
تێئەگا لە هەر چوارلاوە ،
خستوویانەتە ناو دەمی ،
ئەوەی پیسە یان پێڵاوە ..
ئەگەر شەش ملیۆن میکرۆفۆن ،
لە هەمان کاتا ، بخرێنە بەردەمی
تاک بە تاکی کورد ،
ڕێی تێ دەچێ بۆ چرکەیەک بتوانن لەسەر بە با ب□ تێ ک□ بنەوە
یەکبوونیان پەرە پێ بدەن ..
تڕێ به کۆمەڵ لێبدەن ..

* * *

لە خوای میهرەبان بە زیاد بێ ،
بە هەوڵی هەموو کوردەکان ،
جارێکی تر
هەرچی کوردە درا بە گان ..
توانیمان ووشەی دەسەڵات ،
بگۆڕین بۆ لات و مەنات ..
توانیمان ووشەی فەرمانبەر ،
بکەین بە دەنگدەر ..
بە هاندەر ..یان بە تاودەر ..
توانیمان وشەی جەماوەر ،
پڕکەین لە ئاو
بە بێ ئاگر ..
هەتا ئەبن بە سەماوەر ..

* * *

کورد کە ئەبێ بە فەیلەسوف ،
ئینجا دەمی جڕت ئەگرێت و
بە لغاوەیا دێتە خوار ،
کەفاو و لینجاوی جنێو ..
کورد کە ئەگاتە دکتۆرا ،

ئینجا ڕوخساری ئ□گ□□ و
ئەبێ بە دێو ..
تێ ناگەم لەم چاو و ڕاوە ..
بەڵام دڵنیام لە گڵ نا ،
کورد لە گو دروستکراوە ..

لە مێژووی گیانەوەرزانی و
تەنانەت ڕووەکزانیشا ،
هیچ بۆق و
بەڕوویەک نییە ،
نان و ئاو و ڕوناکی نەبێ و
نەیشمرێ ..
وشک نەبێ و
بۆ خۆی بژی ..
کەچی بۆ گیرفانی دوو باند ،
کردبێتی و بیکا چەندین شەڕی گەرمی براکوژیی ..
ئەوە کوردە ..
ئەوە کوردە .. ئەو کورد ..
حەیای نییە ،
مەڵێن بۆچی حەیات برد ..